# سڵاو دایکە گیان



شیرین کافی

دەزانم دەرفەتی ئەوەت نەبوو گاگۆڵکێ و دارەدارە و یەکەم هەنگاوم بۆ ژیان ببینی، دایکە گیان، نازانم بۆچی ژیان خەوی لەچاوەکانت تۆرانت، من ئێسە گەورەبوم بەڵام هەست بە سۆزی دایک ناکەم زۆر پرسیاری منداڵانەم هەبوو هەموویان هەتیوو و بێ وەڵام مانەوە.
ئەو شەوانەی بەفر و کڕێوەو شەستەباران و زریان تەنگی بە هەموو بوونەوەرێ هەڵدەچنی، ئەوا خۆیاندەخزاندە ناو ئەشکەوت و تەویلە و کۆلانەکان، زۆر شەو هەبوو بەدەستی داپیرم یاخود باپیرم لە لەژوورەقوڕینەکەمان دەکراینەدەرەوە بەهۆکاری ئەوەی لە سوچێکی ژووره قوڕینەتایرکەکەدا لەگەڵ خوشکەکەم دەمانکردە دەمەقاڵێ لەسەر بووکەدارینەکانمان هەندێک جار بەیەکەوە وەدەردەنراین هەندێک جار بەتەنها، زۆر جارپەنامان دەبردە بەر قەبرسانەکەی پشتیماڵەکەمان دەستەتەزیوە بچکۆلانەکانم بەکێڵی قەبرەکاندا دادەهێنا خۆزگەم دەخواست گڵکۆی تۆ با بەڵکو بتوانی گوێ بیستی برسێتی وئازارەکانمان بیت، بەڵام مەخابن تۆ گۆڕیشت نەبوو.
دایکە گیان، دایە گەورە بۆی باس کردم بەدەستەکانت کراست بۆمان دەدووری و لەشار ملوانکەی کچانە و گوڵی جوانت بۆ

کەزیەکامان دەکرِی مەخابن ئێسە کەزیەکانمان ئاڵۆسکاوە پێڵاومان لەپێدانیەقاچەکانمان لەسەرمادا تەزیوە جلەکانمان درِاو و پینەکراوە سەردەست و رِومەتەکانمان قڵیشاوە سەرمابدویەتی خوێنی تیازاوە، نەفرەت لەو دین و کولتوورەی کە بەخوێنی رِژاوی تۆ دەستنوێژی پاکی هەڵدەگرێ بەنەفرەت بن کەنەیان هێشت تێربم لەبۆنی دایکایەتی.

کۆڵن
٢٠٢٤/١١/٢٤
شیرین کافی